حکومـــەتی هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی / فەلسەفە

# ڕەهەندی ئابووری لە فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

## پـــڕۆژەی دەرچــــوون

پێشکەش بەکۆلێژی ئەدەبیات- بەشی فەلسەفە کراوە ، وەک بەشێک لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی

بەکالۆریۆس

**ئامادەکردنی توێژەر**

ڤیان خالید محمد

**بەسەرپەرشتی**

م. رۆژگار سەعدی

2022 - 2021

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی کۆمەڵناسی سیاسی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو ________________________ واژوو ________________________

بەروار ____________________

# پێشکەشە

- بەدایک و باوکی دڵسۆزم کەفێری ئەلف وبێی ژیانیان کردم و پێیان گەیاندم و پەروەردەیان کردم .
- بەخوشک و براکانمانم .
- بەمامۆستای ماندونەناس ( م. ڕۆژگار سعدی ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمانی گرتە ئەستۆ .
- بەمامۆستا بەرێزەکانی بەشی فەلسەفە .
- بەگشت قوتابیان و فەرمانبەرانی بەشی فەلسەفە

# سوپاس و پێزانین

بۆبەرێزان ..........

- سوپاس بۆ ( م. رۆژگار سعدی ) ئەركی سەرپەرشتی كردنی توێژینەوەكەمانی گرتە ئەستۆ .
- سوپاس بۆ ستافی كتێبخانەی بەشی فەلسەفە كە هاوكاری زۆریان كردم لە بەخشینی سەرچاوەكان .
- سوپاس بۆ ئەو هاورێیانەی كە یارمەتیان داین لەبەدەستهێنانی سەرچاوەكان .

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بــابــەت | ژ |
|---|---|---|
| أ | پێشکەشە | 1 |
| ب | سوپاس و پێزانین | 2 |
| ج | پێرستی بابەتەکان | 3 |
| 1 | پێشەکی | 4 |
| 2 | بەشـــی یەکـــەم : چوارچێــوەی گشـــتی توێژینەوەکـــەو دیـــاریکردنی پێناسەکان | 5 |
| 5-3 | باســـی یەکـــەم / رەهەنـــدەکانی توێژینـــەوە / گرفتـــی توێژینـــەوە - گرنگی توێژینەوە - ئامانجی توێژینەوە - میتۆدی توێژینەوە | 6 |
| 9-6 | باسی دووەم / چەمکەکانی توێژینەوە/ رەهەندی ئابووری | 7 |
| 10- 13 | **بەشی دووەم** :ژیان و بەرهەمەکانی کارڵ مارکس | 8 |
| 10- 11 | باسی یەکەم / ژیانی مارکس | 9 |
| 12- 13 | باسی دووەم / بەرهەمەکانی مارکس | 10 |
| 14- 18 | **بەشی سێیەم/** فەلسەفەی کارڵ مارکس | 11 |
| 19 | **بەشی چوارەم** / ئابووری لەفەلسەفەی کاڕڵ مارکس | 12 |
| 20- 27 | تەوەری یەکەم / کارو کرێکار | 13 |
| 27- 29 | تەوەری دووەم/ هزری ئابووری و سیاسی لای کاڕڵ مارکس | 14 |
| 30 | دەرئەنجام | 15 |
| 31- 32 | لیستی سەرچاوەکان | 16 |

## پێشەکی

کارل مارکس لە سەردەمێکی پڕ لە ململانێ، لە ڕەهەندێکی تیۆرسازی سیاسییدا، دەستی بە خستنەڕووی تیۆرە ئابوورییەکەی خۆی کرد. "مارکس" پێیوایە: دەوڵەت بەرهەمی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگایە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکان، بەهۆی پەرەسەندنی ئابووری، کە پەیوەندیی هەبوو بە دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینەکان، ئەوا، دەوڵەت بووە بە پێویستییەک بەهۆی ئەم دابەشبوونە، دەوڵەتیش لەلایەن چینی باڵادەست بەڕێوە دەبردرێت، کە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەژموونداره، دەوڵەت تەنیا ئامێرێکە بۆ سەرکوتکردنی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە، کە چینی بورجوازی سەرکەوتوو لەپێناو باڵادەستی چینایەتی بۆی ماوەتەوە لە بەرامبەر چینی پرۆلیتاریادا (مارکس، انجلس، 1964، ص: 87).

لە ململانێی چینایەتی سیاسی "مارکس" پێیوایە: ئەم ململانێیە بەشێوازی سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە کۆنترۆڵی ئابووری بەدیدەهێنێت. مارکس ئەوەی دەستنیشانکردووە کە ململانێی چینایەتی سیاسی، دەربڕی ململانێی ئابووری چینایەتییە، ئەم ململانێیە پێشینەی هەیە سەبارەت بە چینی سەرمایەداری، بەمەش بەهۆی ململانێی چینە سیاسییەکان، زۆرێک لەم بێنەزمییانە لە شێوەی هەژاری و دەست کورتی لە چینی کرێکار بەدەردەکەوێت. تیۆرە سیاسییەکەی کارل مارکس ئەوەبووە کە مرۆڤ ئاگادار بکاتەوە بەوەی کە دەرک بەم بارودۆخە نالەبارەی بکات کە تیایدا ژیاوە (مارکس، 1981، ص:25).

مارکس ئابووری بەبنەمای کۆمەڵگە دادەنێ، پێوایە ماددە مێژوو ئاراستە دەکات، لێکدانەوەی مارکس بۆ مێژوو یاخوود ماددیەتی مێژوو هەوڵدانێکە بۆ لێکدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی، لەسەر بنەرەتە مادییەکان، ئەوە بارودۆخی ماددی و ئابووری کەشێوەی ژیانی مرۆڤایەتی دەگونجێنێت، هاوکات گرنگی بەمافی تاک دەدات بەتایبەت چینی کرێکار لەبەدەستهێنانی داهاتەکانیان و نەهێشتنی نامۆیی تاک.

## بەشی یەکەم /

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و پێناسە کردنی چەمکەکان

تەوەری یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

یەکەم : گرفتی توێژینەوەکە

دووەم :گرنکی توێژینەوەکە

سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە

چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە

تەوەری دووەم / پیناسەکردنی چەمکەکان

## بەشی یەکەم /

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان:

تەوەری یەکەم / رەهەندەکانی توێژینەوەکە

### 1- میتۆدی توێژینەوەکە:

میتـۆد هـونەری ڕێکخسـتنی ڕاسـت و دروسـتی زنجیـرەیەک بیـرۆکەی جـۆراو جـۆرە، بەمەبەسـتی دۆزیـنەوەی ڕاسـتییەکان کاتێـک، کە زانیاریمـان دەربـارەی نەبێـت، یـان بەمەبەسـتی سـەلماندنی بـۆ کەسـانی تـر، کاتێـک زانیاریـان دەربـارەی هەبێـت (أبوسـلیمان، 1996، ص: 15). لەتوێژینەوەکەمانـدا پێشـتمان بـە میتـۆدی(مێژوویی، وەسـفی شـیکاری) بەسـتووە، هەڵمانـداوە لەرێگـەی بـەکارهێنانی ئـەم میتـۆدهنە توێژینەوەیـەکی لە ڕوانـگەی مێژوویـی شـیکاری ڕەهەنـدی ئـابووری لەدیـدی کـارڵ مارکسـدا بکـەین، ئـەمیش لەرێگـەی خوێندنـەوەی ئـەم سـەرچاوانە کەلەسـەر ئـەم بابەتـە دەسـتمان کوتـووە، کەپەیوەنـدیان بـەناوەرۆکی توێژنەوەکـەمان هەیـە، ئینجـا وەرگرتنـی نموونـە لێیانـەوە و ئەوانـەی پەیوەسـتن بە شیکردنەوەی ڕەهەندی ئابووری لە فەلسەفەی کارڵ مارکس.

### 2- گرفتی توێژینەوەکە:

سەرەتای هەر توێژینەوەیەک  هەست کردنی توێژەرە بەبوونی گرفتێکی دیاریکراو، کاتێک توێژەر لەژیانیدا لەناو کۆمەڵگاکەی کۆمەڵێک کێشە دەبینێ کەلە چارەسەرکرنیاندا نادیارییەک خۆی حەشارداوە، لەوکاتەدا زەروورەتی گرنگی بەوەرگرتن و هەلدانی شیکردنەوەی ئەو کێشەیە بەمەبەستی دەست نیشانکردنی رەهەندەکانی کارێکی پێویستە لەبەرچاو گرتنی ئەو گۆرانکاریە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤانەی کەبەسەرمان دێت،یاخود مرۆڤ کاتێک هەوڵدەدات توێژینەوە لەبارەی بابەتێکەوە ئەنجام بدات بێگومان  یەکەم شت کە بەخەیاڵی دادێت بریتیە لەبوونی سەرچاوە و چۆنیەتی دەست کەوتنی ئەم سەرچاوانە، چونکە ئەگەر هاتنیە سەر واقعی توێژینەوەکە و گەڕان بۆی ناتوانین ئەوەی کە بەخەیاڵ وێنامان کردوە، لەگەڵ واقیع پراکتیزەی

بکەین.بۆیە ئەم توێژینەوەیەش کە هەڵساین بە ئەنجامدانی گەورەترین گرفت و ئاستەنگ کەلەبەردەم دا نەبوونی سەرچاوەیە ، بەشێوەیەکی پێویست سەبارەت بەو بابەتەی کە ئێمە هەڵمان بژاردووە ،هەروەها ئەوەی دەبێت بە ئاستەنگ نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی،هەروەها بەشێکی تری سەرچاوەکان کەخودی کۆمەڵگا خۆیەتی ئەویش وەک سەرچاوەیەک بەڵام سەرچاوەیەکی مردوو بەکارنەهاتووە! مرۆڤ کاتێک دەیەوێت توێژینەوە بکات بەشتێک کەلەچوارچێوەی بوونە مرۆیەکاندایە، بۆئە ئەم بابەتەی منیش هەلبژاردووە لەهەمان قاڵبی کۆمەڵگادایە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە گفتووگۆی سوودمەندانە لەنێوان خۆت و کۆمەڵگادا هەبێت بۆ ئەوەی هەموو بابەتەکان بەشێوەیەکی وورد و درشت بپشکنین و پرسیار و وەڵام بۆ هەموو شتێک بدۆزینەوە، ئەگەرچی بەداخەوە ئەو کۆمەڵگایەی من تێیدا دەژیم دەتوانم بڵێم هیچ زانیاریەکی ئەوتۆی نیە سەبارەت بەو بابەتە و هاوشێوەکانی بەشیوەیەکی غەریب، ئەم بابەتانە لەوشەی فەلسەفە دەترسن، ئەمەیە دەستێکی پرسیارە گەورەکە و بێ وەڵامە تا ئێستا، ئەمانە و چەندین گرفتی تر لەبەردەم توێژینەوەکەمدا بوونیان هەبوو.

## 3- : گرنگی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەک گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و لەڕووی تەوەریشدا خزمەت بەرەوتی زانستی و ژیانی مرۆڤەکان دەکات لەهەردوو بواری پراکتیکی و پێوەریدا دیارە ئەم توێژینەوەیەش بەهەمان شێوە لەهەردوو لایەنەوە گرنگی خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بریتین لە :

### 1- لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەک دەکرێت لەبارەی هەر بابەتێک کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی بابەتەکە زیاد دەکات و زانیاریەکان کەڵەکە دەکات و چەمک و دەستەواژەی نوێ دێنێتە بەرباس ، گرینگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەبەرچاوروونی دەداتە کەسانی پاش ئێمە کە دەیانەویت لەسەر ئەم بابەتە یان نزیک لەم بابەتە توێژینەوە بکەن .

## 2- لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

توێژینـەوەکان لایـەنی پراکتیکیـان هەیـە کـە تـوێژەر لـە توێژینەوەکـەی دا ئـەنجامی دەدات ، کـــە دەکرێـــت لایـــەنی پەیوەندیـــدار ســـوود لـــەم توێژینەوەیـــە وەربگرێـــت و ئـــەنجام ڕاســـپاردەکان لەبـــەرچاو بگـــرن ، چونکـــە ئـــەم توێژینەویـــە کەئـــەنجامی دەدەیـــن هـــەر لەکۆمەڵگای خۆمانە ، دەکرێت بەسوود بێت بۆ ئەو لایەنانەی ئەنجامی دەدەن .

## 3- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە وەکـو هـەموو توێژینەوەیـەکی زانسـتی ئامـانجی هەیـە کـە تـوێژەر هەوڵ دەدەن پێان بگەن ، گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین:

1- هـــەڵبژاردنی ئـــەم ناونیشـــانە لەمیانـــەی خوێندنـــەوەی فەلســـەفە بەشـــێوەیەکی گشـــتی، ڕەهەنـــدێکی ئـــابووری هەیـــە لای فەیلەســـووف و بیرمەنـــدان هەســـتی پێدەکرێ،لـەو سـۆنگەیەوە تـاوەکو بـەرچاو ڕوونـی تـەواومان هـەبێت بـە پێویسـتمان زانی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین.

2- دەست نیشانکردنی ڕەهەندی ئابووری لەفەلسەفەی کارڵ مارکس.

3- زانینی ڕانگەی مارکس لەسەر ئابووری چینەکانی کۆمەڵگا.

4- ئاشنابوون بە فەلسەفەی ئابووری مارکس لەسەر لایەنی سیاسی.

## تەوەری دووەم : چەمکەکانی توێژینەوە

**یەکەم / ڕەهەندی ئابووری :**

وشەی ئابووری(Economics) لەزمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو ووشەی لێکدراوی (Nomas)کەمانای بەڕێوەبردن یان هەڵسوڕاندن دێت(Oikos)کە مانای ماڵ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی مانای سەرەکی ئابووری بەڕیوەبردنی سەرچاوەکانی سامان بووە لەلایەن تاک یان کۆمەل یان حکومەتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەی مرۆڤ ئابووریانە هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەر هاتوو بەباشی سەرچاوەکانی سامانی بەکارهێنا یاخوود لێهاتوانە بەکاری هێنا کە ئەمەیان بەمانای بەدەستهێنانی گەورەترین سوودی ماددی بەکەمترین تێچوون( Kurdipedia.org، 16-12-2021، 152 ).

هەروەها بیروڕا لەسەردەمە کۆنەکاندا(شارستانیەتی ڕۆمانی کە دوو شارستانیەتی کۆنن) بوونی هەبووە، ئەرستۆ بەیەکەم کەس دادەنرێتکە سەرەتاکانی تیۆری ئابووری داڕشتووە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دیاردەکان و گیروگرفتە ئابووریەکان و یەکەم کەسە کە هەوڵی داوە ئابووری بکات بەزانست، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بیرورِا ئابووریەکان هەبووە چ لەئەوروپای مەسیحی یان لە ئەوروپای ڕۆژهەلاتی ئیسلامداو بەلام بوونی ئەم بیروڕا ئابووریانە مانای ئەوە نیە کە زانستی ئابووری بەمانا زانستیە تەواوەکەی بوونی هەبووبی. زانستی ئابووری تاڕادەیەک لەمێژووی نوێدا دروست بوو لەپاش پەرەسەندنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەو جۆرە چەند ڕەوتێکی نوێی بیروڕای ئابووری پەیدابوون لەوانەش(قوتابخانە بازرگانیەکان)کەلە سەرەتای سەدەی پانزە هەبووە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم، لە پاشاندا قوتابخانەی فیزیوکراتەکان (سروشتیەکان) ( Kurdipedia.org، 16-12-2021، 155 ).

لەپاشاندا بەکارهێنانی زاراوەی ئابووری ڕامیاری بەرفراوان بوو تاوەکوو ئابووری کۆمەڵایەتیشی گرتەوە لە ساڵی ١٧٦٧(جون ستیوارت مل) ئەوم زاراوەیی لە کتێبی ( an enquiry into economy the principle of political)بەکارهێناوە . لەو سەردەمەدا زانستی ئابووری تایبەتە بە توێژینەوەی ئەو ئامرازانەی کە گرنگی دەدات بە دەوڵەمەندبوونی (وڵات، نیشتیمان) لە ڕووی مادیەوە ئەم باوەڕە لە کتێبی (سامانی میللەتان)ی ئادەم سمیث دا ڕەنگی دایەوە کە ساڵی ١٧٧٦ بڵاوکرایەوە.(مارکس)زاراوەی ئابووری ڕامیاری لە کتێبی(سەرمایە)بە ناونیشانێکی ناسەرەکی کە (ڕەخنەی ئابووری ڕامیاری)بوو لە ساڵی ١٨٦٧ بەکارهێناوە. ئابووریناسی ئینگلیزی (ئەلفرید مارشاڵ) زانستی ئابووری پێناسە دەکات و دەڵێت(توێژینەوەیە لە چالاکی ژیانی ئاسایی مرۆڤ و وردبوو نەوەیە لەوبەشەی چالاکی تاک و پەیوەندییە بەتینە کۆمەڵایەتیەکەی بۆ بەدەستهێنانی بنەما مادییەکانی خۆشگوزەرانی و بەکارهێنانیان)( مارکس ، 2006 : 78 ).

هەروەها ئابووری زانستێکی کۆمەڵایەتییە کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی تاکەکانی ناو کۆمەلگا دەکات.جیاوازی ئابووری لەزانسە سروشتیەکانی تر لەوەدایە کە ئەنجام و تاقیکردنەوەی زانستە سروشتیەکان رەهایە و بەتەواوەتی بەرجەستە دەبێت، بەڵام زانستی ئابووری ئەنجام تاقیکردنەوەکانی رەها نییە، کەواتە بەهۆی تێگەیشتن لەیاسا ئابووریەکان دەتوانین شیتەڵی دیاردە ئابووریەکان بکەین، بەهۆی ریسا ئابووریەکانەوە دەتوانین پێشبینی گەشەکردن و داکشانەوەی باری ئابووری بکەین، کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین زانستی ئابووری دابەش دەبێت بەسەر دووبەشی سەرەکی، ئەوبەشەی کە لەدیاردە گشتی و گەورەکان دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت ئابووری هەمەکی، بەشەکەی تر پێی دەوترێت ئابووری هەندەکی، چونکە لەدیاردە تایبەت و بچووکەکان دەکۆڵێتەوە، کەواتە ئابووری هەمەکی ئەو بەشە ئابووریەیە کە لەدیاردە گشتەکانی وەک (داهاتی نەتەوەیی ، هەڵاوسان ، بودجە ، باج ، گومرگ ، بازرگانی .....هتد) دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئابووری هەندەکی ئەو بەشە ئابووریەیە کە

لەدیاردە تایبەتەکانی وەکو( کریکار،بازاڕ،نرخ ، دارایی ، خستنەڕوو ، سەوداکاری ...هتد ) دەکۆڵێتەوە ( عەلی ، 2009 : 22 ).

بەڵام نووسەری (مونکراتیان) لە کتێبی (توێژینەوە لە ئابووری ڕامیاریدا) دەڵێت زاراوەی ئابووری ڕامیاری مانایی (پرەنسیپەکانی بەڕیوەبردنی ئابووری دەوڵەتە) لەبەر ئەوەی گرنگی دەدات بە بنەماکانی دارایی دەوڵەت.

هەروەها مارشاڵ دەڵێت: (زانستی ئابووری بریتیە لە توێژینەوە لە سامان لە لایەک و توێژینەوە لە مرۆڤ لە لایەکی دیکە)بەڵام ئابووریناسی سویدی (ویکسل) پێی وایە کە دیاردەی ئابووری یاخود چالاکی ئابووری بریتیە لە (هەموو تەقەلایەکی ڕێکخراو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە مادییەکان، یاخود گەڕان بەدوای ئەو ئامرازانەی کەوا لە بەردەستن بۆ هێنانەدی گەورەترین بڕی بەرهەم، یان هێنانەدی ئاستێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان تابکرێ بە کەمترین ئامرازەکان).

بەڵام لای ئابووریناسی فەرەنسی (بیژۆ)زانستی ئابووری ئامرازێکە بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتی زیادکردنی بەرهەم بەئامانجی چاککردنی ئاستی بژێوی)، هەروەها زانای ئینگلیزی (ڕۆبنز)پێناسەیەکی زۆر باو بۆ زانستی ئابووری دەکات کە ئەمڕۆ زیاتر قبوڵ کراوە و بەکاردەهێنرێت،(زانستی ئابووری بریتییە لەو زانستەی لیکۆڵینەوە دەکات لە ڕەفتاری مرۆڤ وەک پەیوەندییەک لە نێوان ئامانجەکانی و لە نێوان ئەو ئامرازە دەگمەنانەی کە دەتوانرێ شوێنگرەوەی بۆ بەکاربهێنرێ)، بەڵام زانای ئەمریکی (ساملسۆن) بەم جۆرە پێناسەی ئابووری دەکات، زانستی ئابووری بریتییە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی کە بە هۆیەوە تاک و کۆمەڵگە دەرامەتە دەگمەنەکان بەکاردەهێنن کە دەتوانرێ شوێنگرەوەی دیکەیان بۆ بەکاربهێنرێ بۆ بەرهەمهێنانی شمەکە هەمە چەشنەکان و دابەش کردنەوەیان بە سەر تاک و کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بەکاربێنێن لە ئێستا یان لە ئایندەدا ( ئیگڵتۆن ، 2015 : 15 ).

لەلایەکی ترەوە ڕەهەندی ئابووری بەواتای بەردەوامبوون و گەورەبوونی ئابووریە کە بۆماوەیەکی درێژبێت ئەوەش بەهۆی دەستەبەرکردنی بنەمایەکی خۆشگوزەرانی بەباشترین جۆرایەتی خانوو و خۆراک و پۆشاک دەبێ.ڕەهەندەکانی گەشەی بەردەوامیش ئەمانەن کە ڕەهەندی ئابووری باسی بابەتی تاکایەتی دەکات و پارەش دابین دەکات و لەبواری بەکارخستنی سەرچاوە سروشتیەکان و باشکردنی دەکات، چونکە گەشەی بەردەوام بەرگری لەگەشەی ئابووری دەکات، هەروەها دەتوانرێ سەرنجی، ڕەهەندی ئابووری لەژێر رۆشنایی ئەمانەدا بدرێت، وەکو گۆڕینی شێوازەکانی بەکاربردن کەوادەکات گەشەکە بەردەوام بێ، هەروەها ئابووری لای ئەرستۆ مانای(زانستی سەرەتاکانی هەڵسووڕاندنی ماڵە)،زانستی ئابووریش کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازی هەیە بە هۆی فرەیی و هەمەلایەنی ڕۆڵی ئابووری و زیادبوونی گرنگی ئەم زانستە و بەهۆی جیاوازی لە ئاراستە بیرییەکانی سەرجەم قوتابخانە ئابووریەکان ( گەرمیانی ، 2010 : 45 ).

لەلایەکی ترەوە ڕەهەندی ئابووری جەخت لە هەبوونی ئابووریەکی سەربەخۆ و سیستمێکی ئابووری بەهێز دەکرێتەوە، هەروەها هەموو ئەو هۆکارو ئامرازانەی دابین بکرێن، کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی ژیانێکی پارێزراو بۆ تاک و خێزانەکانی کۆمەڵگا، ئەوانیش بریتین لە( بەرزرکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان، باشکردنی بژێوی ژیانی هاولاتیان ، ڕەخساندنی هەلی کار بەشێوەیەکی یەکسان بۆ ئەو کەسانەی کە لەتەمەنی کارکردندان)ئەویش بەڕەچاوکردنی تواناو لێهاتوویی تاکەکان، پەرە بەتواناکانیشیان بدرێ ئەوەش لەریگەی خول و بەرنامەی پەروەردەیی و ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاریان( شوانی ، 2021 : 62 ).

**پێناسەی کارایی بۆ چەمکی ڕەهەندی ئابووری:** لەم پێناسانەی سەرەوە بۆم دەردەکەوێت کەزۆربەی پێناسەکان ئەوە دەردەخەن کە زانستی ئابووری جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی دەرامەتە دەگمەنەکان بۆپڕکردنەوەی پێداویستیە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵگە.

## بەشی دووەم/  ژیان و بەرهەمەکانی کاڕڵ مارکس

### باسی یەکەم/ ژیانی کارڵ مارکس:

مارکس(karl marks) یەکێکە لە فەیلەسوفانی ناسراوی ئەلمانیا کە شتگەلێکی زۆری بەخشی بەپەرەسەندن و گەشەکردنی سۆسیۆلۆژیاو وەچەرخانی، لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفیەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی خاوەن شێوازو میتۆد و ئامانجێکی رون و ئاشکرا، مارکس لە ئەلمانیا و لەساڵی(1818) لەخێزانێکی مامناوەند هاتۆتە جیهانەوە،باوکی پارێزەر بووە و دایکی خوێندەواریەکی کەمی هەبووە، حەزی دەکرد کورەکەی خوێندن تەواو بکات، باوکی حەزی دەکرد کوڕەکەی پسپۆڕی لە لێکۆڵینەوەی یاسا و پارێزەری دا بەدەست بێنیت، بەڵام مارکس حەزی لە خوێندنی یاسا نەبوو، بەڵکو حەزی لە خوێندنی فەلسەفە و مێژوو بوو، وەزۆر کاریگەر بووە بە فەلسەفەی ئەلمانی ئایدیالی بەگشتی و فەلسەفەی هیگڵ بەتایبەتی،مارکس خوێندنی لە زانکۆی بەرلین تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لەفەلسەفەدا بەدەستهێنا، وە لەزانکۆی جینا بڕوانامەی دکتۆرای هەر لەفەلسەفەدا بەدەستهێنا، لەماوە خویندنی لەزانکۆی جینا بوو بەئەندامی کۆمەڵەی چەپڕەوی هیگلی لاوان، ئەم کۆمەڵەیە لەڕووی فیکرییەوە پەڕگیربوون و رەخنەی توندیان لە تێزە فەلسەفیە تەقلیدیەکان دەگرت و دژایەتی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیە کۆنە پارێزەکانی ئەڵمانیایان دەکرد ( ئەلحەسەن ، 2005 : 9-10 ). هەروەها لە سالی(1835) لەزانکۆی بۆن کۆلێژی مافی خوێندووە، وە لەساڵی(1837) (جینی) مارە دەکات، و دواتر کوڕێک و دوو کچی لێ دەبێت کە (لۆرا) کچە گەورەکەیەتی. ساڵی(1842) دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(رینایش زیتۆنگ) لە کۆمپانیا، دواتر دەبێتە نووسەری هەمان گۆڤارو دوای ساڵێک بەسەر دەرچوونی ئەو گۆڤارە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قەدەغە دەکرێت، لەبەرئەوەی

رەخنە لەسیاسەتی ئەلمانیا دەگرێت ( محمد ، 2011 : 12 ). دواتر لەساڵی(1843)لەبەر گوزەرانی بەڕێوە نەدەچوو، لەووڵاتەکەی خۆی ڕووی کردە پاریس لەوێدا ڕۆژنامەی(گورفیرتس) ئیشتراکی لەساڵی(1844) دەرکرا ( ئەلمەلاح ، 2011 : 531 ).

ساڵی(1845) کتێبێک بەناوی(خیزانی پیرۆز) دەردەکات. هەر لەهەمان ساڵ بەبڕیاری حکومەتی بروسیا لەپاریس دەردەکرێ و دەچێتە برۆکسل و هەر ئەو ساڵە کتێبێک لەگەڵ (ئەنگڵس)ی هاوڕێی بەناوی(لەبارەی فیورباخ)وە دەنووسن. هەر هەمان ساڵ تێزەکانی خۆی لەسەر ئەدەبیات و هونەر بلاودەکاتەوە و لەوێدا باس لەگرنگی ئەدەب دەکات و بەنموونەش کارەکانی بالزاکی رۆماننووس دەهێنێتەوە ( محمد ، 2011 : 13 ) .

پاشان لە ساڵی(1882) سەردانی جەزائیر دەکات و بۆ ماوەیەک لەوێ دەمێنیتەوە، بەمەبەستی ئەوەی لەکلتوری رۆژهەلات شارەزایی وەربگرێت، ساڵی( 1883) خاتوو(جینی)خێزانی دەمرێ، لەهەمان ساڵ و دوای چەند مانگێک لەمردنی جینی، بەهۆی نەخۆشیەکی کوشەندەوە دەناڵێنێ و پێوەی دەمرێت، دواتر لە ئەنگلستان لەشاری هایگیت دەنێژری(محمد ، 2011 : 150).

(کارڵ مارکس marx karl)دکتۆرای لەسەر( فەلەسەفەی دیمۆکریت و ئیپیکۆر خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری)وەرگرتووە،واتە دەربارەی مەتریالیستەکانی سەدەی کۆن،وەکو پرەنسیپی فەلسەفەکەی دەڵێت: فەیلەسووفەکان هەتاکو ئێستا جیهانیان لێکداوەتەوە، بەلام ئێستە گرنگە بیگۆڕین، واتە لەبری سیستەمی گەورەی تیۆری فەلسەفەی و جودی(فەلسەفەی کرداری philosophy of Action) هاتە کایەوە، ئەمەش وەک وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووی فەلسەفە سەیر دەکرێت، مارکس تەنها فەیلوسووفێک نەبووە،بەڵکو زانای ئابووریناس و سۆسیۆلۆژی و مێژوونووس بووە،هیچ فەیلەسوفێک وەک مارکس رۆڵی گرنگی لەرامیاری کرداریدا نەبووە، هەربۆیە لایەنێکی گرنگە لەفەلسەفەی مارکسدا و کە داوتر بەبزاووتی مێژووی ئەژمار دەکات، ئابووری یەکەم سەرچپوەو سەرخانە بۆ دروستبوونی هەموو کۆمەڵگایەک و شارستانیەتیک وە مارکس پێوایە ئابووری قۆناغی یەکەمی دروستبوونی دەوڵەتە، دواتر سیاسەت و کۆمەلایەتی و

رۆشنبیریی دوای ئابووریەوە دێن مارکس دەڵێ: ئەگەر هەر گۆڕانکاریەک لە قۆناغی یەکەم روبدات ئەوە کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تر دەبێت ( گەرمیانی ، 2010 : 35 ) .

## باسی دووەم / بەرهەمەکانی کارڵ مارکس

مـارکس لـەماوەی ژیـانی ئـەکادیمی و هزریـدا چەنـد پـەرتووکێکی بـەناوبانگی بڵاوکـردەوە کـە کاریگـەریان هـەبوو بـۆ سـەر بزووتنـەوە شۆرشـگێڕەکان جیهـان وە رێـرەوی زۆرێـک لـە سیتەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی، وە لەگرینگترین:-

1- رەخنەی ئابووری سیاسی.
2- هەژاری فەلسەفە.
3- ئایدۆلۆژی ئەلمانی.
4- سەرمایە(کەلەسێ بەرگ پێکهاتووە.
5- شۆرشی سۆشیالیستی(لەگەڵ ئەنگلس نووسیویانە).
6- خێزانی پیرۆز.
7- بـارودۆخی چینـی کرێکـارانی بـەریتانیا لەسـاڵی(1842)ز لەگـەڵ ئـەنگلس نوسیویانە.

سەرجەم ئەم پەرتووکانە گوزارشت لەبیروڕا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسیەکانی مارکس دەکەن، هەروەها لەرێگایانەوە سروشتی ئەو تیۆرە و تێزو بەها شۆرش گێڕانەی رون کردۆتەوە. کە هەڵیگرتبوون، وە ویستی لەڕێگایانەوە سیستەمی رادیکالی هەڵگەرانەوەی، سیستەمێک کە زیاتر لایەنگری چینی کرێکار دەکات و خەسڵەتی پێشکەوتن خوازی و ئیشتراکیەتی هەڵگرتووە بانگەشە دەکات بۆ هەڵوەشانەوە چینایەتی، سیستەمێک کە مژدەهێنەری شوعیەتە ( ئەلحەسەن ، 2005 : 13 ).

لەکتێبی ئایدۆلۆژیای ئەلمانی رەخنە لەفەلسەفەی هاوچەرخ دەگرێ لەڕووی نوێنەرەکانیەوە، فیورباخ و بۆئر و شترنر و رەخنەی سۆسیالیزمی ئەڵمانی لەڕووی پەیامبەرە جۆراوجۆرەکانیەوە. کە ئەمە گرینگترین بەشی ئەم کتێبەیە. مەبەستی مارکس و ئەنگلس لەو کتێبەدا ئەوەیە کە

ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی ئەوکاتی ئەلمانیا بدەنە بەر رەخنەوە، چونکە لەبنەڕەتەوە رەتی بکەنەوە. لەم ڕێگایەشەوە خاڵە سەرەکیەکانی روانگەی خۆیان بۆ ماتریالیزمی مێژووی باس کردووە ( ئەنگلس ، 2001 : 3 ).

کتێبێکی جەنگی ناوخۆ لە فەرەنسا لەساڵی(1771)ی نووسی و شێوەیەکی دەوڵەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای دۆزیەوە، بەوردی لەم کارانەی کۆڵیەوە کە دەسەڵاتی یەکەم دەوڵەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کردی. وە کتێبێکی بەناوی(رەخنە گرتن لەبەرنامەی گۆتە) ساڵی(1875)مارکس گۆرانی دیکەی لەتیۆریەکەی کرد سەبارەت بە کۆمۆنیستی زانستی ( وەسمان ، 2013 : 374 ).

ساڵی(1845) کتێبێکی بەناوی(خێزانی پیرۆز)دەردەکات، لەم کتێبەدا تێگەیشتنی بۆ ماددە جیاوازیەکی زۆری هەیە لە تێگەیشتنی ئەو ماددەیەی کە لەسەدی شانزهەمدا لەفەرنسا بڵاوبۆوە کەبە(میکانیکی) ماددی وەسفی کردووە.لەساڵی(1845) بەبڕیاری حکومەتی بروسیا لەپاریس دەردەکرێ و دەچێتە بروکسل و هەر ئەو ساڵە کتێبێک لەگەڵ ئەنگلسی هاورێ بەناوی(لەبارەی فیورباخ) دەنووسی. ساڵی بەڵگەنامەی حزبی کۆلۆنیا بڵاودەکاتەوە وە هەمان ساڵ دەبێتە سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی کۆڵن ( محمد ، 2011 : 151 ).

مــارکس گــەلێ کتێبــی بڵاوکردۆتــەوە. هەنــدێ لــەو متێبانــە بــەهاوکاری لەگــەڵ ئەنگلســدا نووســـیویانە. هەنـــدێکی تـــر بەرهـــەمی خۆیەتی،گـــەورەترین و دیارترینیان(ســـەرمایە-رأس المال)کـــە لەســـاڵی(1867) بـــەرگی یەکـــەمی بڵاوبۆوە،بـــەرگی دووەم وســـێیەمی لـــەدوای مردنـــی ســـاڵانی(1885-1894) بڵاوبوونـــەوە (ئەلمـــەلاح و دهاشـــم یـــەحیا ، 2011 : 353 ) .

ســـاڵی(1849)بەتۆمـــەتی ئـــەوەی کەســـوکایەتی بەحکومـــەتی کۆلۆنیـــا کردووە،دەدرێتـــە دادگـــا و دواتـــر ئـــازاد دەکرێـــت و هـــەمان ســـاڵ دوا ژمـــارەی گۆڤاری(رینـــانی) نـــوێ دەردەکـــات و دواتـــر گۆڤارەکـــە دادەخـــرێ ســـاڵی(1858)بەشـــێک لـــەکتێبی بەژداریـــەکی رەخنەگرانـــە لەئابووری سیاسی(سەرمایە)دەنووس(محمد ، 2011 : 152 ) .

## بەشی سێیەم / فەلسەفەی کارل مارکس

بەگشتی فەلسەفەی مارکس فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە کەلەخزمەتی زۆرینەی مرۆڤەکاندایە، بەڵام بۆ ئەوەی بمانەوێ شارەزابین لەفەلسەفەی مارکس دەبێ ئەوە بزانین مارکس بەچی فەیلەسوفێک کاریگەر بووە، مارکس لەم ماوەیەدا کەلە زانکۆ بووە، لەژێر کاریگەری فەلسەفەکان هیگڵ بووە. لەوە سەردەمە لەزانکۆکانی ئەڵمانیا خاوەن دەسەڵات بووە، بەڵام مارکس کرۆکی(ئایدیالیستی) وەرنەگرتووە بەڵکو گرنگی بەلایەنی(دیالێکتیک)داوە بەفەلسەفەی(ماتریالیست)ی بەستیووتەوە، بەواتایەکی دی دیالیکتیکی ئایدیالیستی هیگڵی گۆران پێداوە و بەدیالێکتیکی ماتریالیستی. لەم لایەنەدا بە ئاشکرا کاریگەری(فیورباخ)ی بەسەرەوە دیارە( ئەلمەلاح ، 2011 : 351 ).

فەلسەفە دیالیکتیکەکەی لەماددەوە دەست پێدەکات، ئەمەش لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی کەپشت بەرێبازی: ماتریالستی دەبەستێت، کە بەپێی ئەوان ئەوە تاکە فەلسەفەی زانستیە کە لەئارادا هەبێت، چونکە ئەم فەلسەفەیە توانای راڤەکردنی هەموو دیاردەکانی بوونی هەیە بەراڤەکردنی حەتمی و جەخت، پاش ئەوەی بەپوختی چەمکی ماتریالستی دیالیکتیمان بەپێی ڕای ماتریالیزمەکان شرۆڤەکردوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پەیوەندیەک لەنێوان ماتریالیستی مێژووی و ماتریالیستی دیالێکتیکی هەیە، ماتریالیزمەکان دەڵێن، ماتریالیستی مێژووی بەشێکە لەفەلسەفەی ماکسیەت و هەرگیز لێی جیانابێتەوە، ئەو فەلسەفەیەی کە گشتگیرو سەراپاگیرە و بەتێروانینیکی

ماتریالیسـتی دیـالیکتیکی سـەیری گـەردون و مـرۆڤ و ژیـان دەکـات، کـە بریتییـە لەدیـدی جیهانیانــەی کــارل ئەمــەش لــەڕێ کێشــانی مــارکس بەمــەش وێنــەی هــەر دیاردەیــەکی سروشـتی بەئەندێشـەیەکی ماتریالیسـتی کـە خـۆی لـەبیردۆزی ماتریالیزمیـدا بـوونی جیهانـدا دەدۆزێتــەوە و پێــی وایــە کــە جیهــان بەسروشــتی خــۆی ماتریالــە "ماددە"یــەوە بــەپێی ڕێسـاکانی ماتریـاڵ گەشـە دەکـات. کەواتـە ئـەم فەلسـەفە گشـتگیرە نـاگونجێ هـیچ بەشـێکی جەوهــەری لــێ دابیرینــی و نــاگونجێ ماتریالیســتی مێــژووی لەگــەڵ ماتریالیســتی دیــالێکتیکی لێک جیابکرێتەوە( سامۆک . 2011 : 178 – 179 ).

هــەرکاتێک ویسـتمان ئـەو هـەبووەی وەک ڕاسـتی(الواقع) کـە هەیـە سروشـت بێـت یـان کۆمەڵگــە بگــۆڕین پێویســتە ئــەو هــەبووە بەباشــی بناســین و تێبگــەین ئــەم کۆمەڵگــەو سروشـــت و جیهـــان بـــەهۆی زانســـت و زانیاریەکانـــەوە دەناســـرێن و تێیـــان دەگـــەین، زەحمەتکێشـانیش لــە تێکۆشـانەکانیاندا بــۆ بەدەســهێنانی ئامانجــەکانیان پێویســتە دیــدێکی زانسـتیانەیان بـۆ جیهـان و سروشـت و کۆمەڵگاکـەیان هـەبێت، ئـەم تێروانینـە زانسـتیانە پـێ دەوتـرێ( فەلسـەفەی مـارکس) ڕەنگـە بپرسـین جیـان نێوان(زانسـت و فەلسـەفە)چیە؟ ئـەی زانسـت و فەلسـەفە وەک یـەک نـین؟ فەلسـەفەی مـارکس و زانسـت لێـک دانـابڕێن بـەڵام فەلسـەفە، بەسـەر زانسـت تێپـەڕ دەکـات بـۆ تێڕوانینێکـی یـەکگرتوو بـۆ مـرۆڤ و جیهـان و بوونــەوەر و کۆمەڵگــەی مــرۆڤ پێکــەوە زانســت هەربەشــەی تایبەتمەنــدی خــۆی هەیــە، هەریەکـەیان لەلایـەک لەباسـە سروشـتیەکان دەکۆڵێتـەوە و هەبەشـە لەسـنوری خۆیـدا، بـەڵام لەفەلسـەفەی مارکسـدا لـە هەمووشـتەکانی سروشـت بەیـەکگرتوویی و لـە(واقع) هـەبوون دەتوێژێتــەوە بــەمرۆڤ و کۆمەڵگاشــیەوە دامەزرێنــەرانی (ماتریــالیزمی دیــالێکتیکی) کــە مــارکس و ئــەنگلس لــە خــەیاڵی خۆیــان ئــەم زانســتەیان نــەهێناوە بــەڵکو پێشــکەوتنی زانسـتەکان ڕێگـە خۆشـکەر و ڕونکـەرەوە و یاریـدەدەر بـوون کـە بتـوانن فراوانتـرین یاسـا کەهــەموو زانسـتەکانی لـە نێویـدا کۆببێتـەوە لەشـێوەی فەلسـەفەی" ماتریـالیزمی دیـالێکتیکی" دایرێژن( کاڤین و پولیتزەر ، 2013 : 150 ) .

هـەروەها دەبـێ وریـابین هـزری مـارکس خـۆی لەگـەڵ ئـەوەی پێـدەگوترێت مارکسـیزم تێکـەڵ نـەکرێت، فەلسـەفەی مـارکس لەسـەر بنـەمای سـەرەکی هەڵدەسـتێت، ئـەویش ماتریالسـت و دیالیکتیکـە. ئـەو تـوانی هـەردووکیان بەیەکـەوە بگونجێـت بۆیـە تیۆرەکـە نـاونرا ( ماتریـالیزمی دیالێکتیـک) مـارکس لەسـەردەمێکدا پێگەیشـت کـە هـەردوو ماتریالیسـت و دیالێکتیـک لـەبرەوبوون و دۆسـتیان زۆر بـوو. هـەروەها لـەنێوان ئـەو چەمکەشـدا جۆرێـک لەنـەگونجان هـەبوو، چونکـە خـودی دیالێکتیـک نـاوەرۆکێکی ئایـدیالی هەیـە، بـەڵام مـارکس بەلێکـدان و گونجانـدنی ئـەم دوو چەمکـە لەگوتـە بـەناوبانگەکەیـدا خسـتەڕوو ووتی:(دیالێکتیک لەسەر سەر وەستابوو، من خستمە سەر پێ) (سۆران ، 2008 : 84 ) .

## 1. دیالێکتیکی مارکس

سـەرەتای دەرکـەوتنی تیـۆری دیالێکتیـک دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی(19) کـە بریتییـە لـەتێروانینی بـۆ مێـژوو وەک زنجیرەیـەک لـەململانێ لـەنێوان ئاراسـتە دژیەکەکانـدا، ئـەو ململانێیـەش جوڵـەی مێـژوو لێکدەداتـەوە. دیالێکتیـک بریتییـە لـە تێڕوانینـی مـاددی واتـە هۆکـاری مـاددی بنچینەیـە لەململانێکانـدا بـەدرێژایی مێژوو، ململانـێش بەتـەنها لـەنێوان هێـزە ماددیەکانـدا نیـە، بـەڵکو ئـەو ململانێیـە لـەنێوان هێـزە شارسـتانیەکان لـە نـاو کۆمـەڵگادا هەیـە، مـارکس دەڵـێ: ڕێگاکـانی بەرهـەمهێنانی ژیـانی مـاددی ئەوانـەن کـە گەشـەی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و فکری دروست دەکەن ( نصرالله ، 2007 : 69 ) .

وەک ئاماژەمـان پێـدا مـارکس تیـۆری دیـالێکتیکی لـە هیگـڵ وەردەگرێـت، بـەڵام بەشـێوەیەکی هەڵگـەراوە، کـاتی هیـگ دەبێـژێ: هۆشـی ڕەها(ئـاوەزی جیهان)ئـەو هێزەیـە مێـژوو بـەرەو پێشـەوە دەبـات، بـەڵام مـارکس پیوایـە داڕشـتنەکەی هیگـڵ هـەلێگیراوە و گۆڕانکاریـە مەتریالییـەکان هـەل و مـەرجی نـوێی جیهـان و ڕۆح"هـۆش" دەخـولقێنن، مـارکس دەڵێـت: هێـزە ئابووریـەکانی نـاو کۆمـەڵ دەبنـە هـۆی خولقانـدنی گۆڕانکـاری و بـەرەوپێش چـوونی مێـژوو، چۆنیـەتی ڕێکخسـتنی ئـابووری و ژیـانی ڕۆژانـە و هـەل ومـەرجی زانسـتی بەسـتووەتەوە. بـەم جـۆرە پەیوەنـدی مـەتریالی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی کۆکردۆتـەوە و

پێــی ووتــووه:( بنـــەمای ژیـــانی ژێرخـــانی کۆمەڵگـــە)، جـــۆری بیرکردنـــەوە و رێکخـــراوە رامیاریـــەکان و یاســـاکانی کۆمـــەڵ و ئـــایین و مـــۆڕال و هونـــەر و زانســـت فەلســـەفەی ناونابوون(ســـەرخانی کۆمـــەڵ)، بـــەم شـــێوەیە پەیوەندیـــە مەتریالـــەکان هـــەموو بەرهـــەمی هـــزری کۆمـــەڵگایان راگرتـــووە، لـــەم روانگەیـــەوە ســـەرخانی کۆمـــەڵ بەرپەرچدانـــەوەی ژێرخانەکەیەتی(سلیم ، 2013 : 122 ) .

واتــە مــارکس مــاددە بەجەوهــەری جیهــان دەزانێــت، ئەمــەش پێچەوانــەی بۆچوونەکــەی (هیگـل)ە کـە پێـی وایـە روح"هـۆش" جەوهـەری جیهانـە. مـارکس دەڵـێ: جوڵـەی فکـری بـەلای هیگڵـەوە کـە نـاوی دەنـێ ئایـدیا ئـەوە خودایـە کـە دروسـتکەرو خولقێنـەری واقیعـە، بـەڵام بەپێچەوانـەی ئـەوەوە مـارکس پێیوایـە بزوتنـی هێـز جگـە لەپەرچـەکرداری بزوتنـی ماتریـال شـتێکی ترنیـە مـارکس بەپشـت بەسـتن بـەواقیعی خـۆی سـەرنجی ئـەوەی دابـوو کـە ئـەوە گەشـــەی ئـــەقڵ نیـــە دەبێتـــە مایـــەی بـــەرەو پێشـــچوونی سروشـــت بـــەڵکو پیویســـتە ئـــەقڵ بگەڕێنینـەوە بـۆ سروشـت، واتـە بیگەڕێنینـەوە بـۆ مـاددە، چونکـە ماتریـاڵ هـەموو شـتێکەو جەوهەری هەموو هزرو مۆڕاڵیشە( ئیبراهیم ، 2007 : 3 ).

دیـالێکتیکی مـارکس بناغـەی لەسـەر چپـرەی راسـتی کێشـە و ململانێیـە لـە نێـوان مـرۆڤ و سروشـــت، مـــرۆڤ و مرۆڤـــدا هەیـــە، لـــەم بۆچوونـــەوە چیـــوە دەگـــرێ، چونکـــە دیـــالێکتیکی مێژوویـی مـارکس تـەنیا بـۆ ئـەوە باشـە کـە پەردەیـەک بخاتـە سـەردەم و چپویفەلسـەفەیەکی مێژووی کە بناغەکەی لەسەر ئاکام ناسی دانراوە.

وە لـەکتێبی(خێزانی پیـرۆزدا) روونـی کردۆتـەوە کـە تێگەیشـتنەکەی بـۆ ماتریـال جیـاوازە بەجیاوازیـــەکی گـــەورە لـــە تێگەیشـــتنی ماتریالســـتی کەلـــە فەرەنســـا بڵاوبـــۆوە لەســـەدەی (18)دا، کـــە باســـی تێگەیشـــتنی(میکانیک – ئـــامێر)ی بـــۆ ماتریـــال کردبـــوو، بـــەڵام تێگەیشـــتنەکەی مـــارکس بـــۆ ماتریابریتییـــە لـــە تێگەیشـــتنی(دیالێکتیکی)( خلیقـــی ، 1989 : 151). ئـــەم رێبـــازەش پشـــت دەبەســـتی بە(ماتـــەر و بزوتن)کـــە هـــەردووکیان یەکەیـــەکی یـــەکگرتوو دروســـت دەکـــەن،ماددە لێـــرەدا کۆتـــایی نایەت،وەشـــوێن و کـــاتیش دیمـــەنێکن

لەدیمەنـەکانی بـوونی خـودی مـاددە، وەکـو راسـتیەکی دیـار، مـاددە بـوونێکی سـەربەخۆی لەهـەموو هەسـتەکاندا بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر یەکـەی مـاددی بـۆ گـەردون، هـەروەها لێـرەدا هۆشـیاری دەبێتـە بەرهـەم بـۆ مـادەی ئـاڵۆز و بـالا، مـادەش بناغـە و جەوهـەری شـتەکانە،هەروەها ئاگـایش بریتییـە لەبەرهـەمی سروشـت، بـەڵام سـەرچاوەی ئاگـایی دەگەڕێتـەوە بـۆ کـردار و زمـان، هـەروەک جوڵـە لـەتێڕوانینی دیـالێکتیکی ماتریالسـتیدا، لایـەنێکی پەیوەسـتە بەماتریاڵ،کـەبزاوتێکی سـەرکەوتووە کـە بەدیمەنـە سـەرەتاییە ساکارەکان دەست پێدەکات و بـەدیاردەی ئـاڵۆزی بـالا کۆتـایی دێـت( المـلاح ، 1988: 144 ).

ماتریـالیزمی دیـالێکتیکی مـارکس یـەکێک بـوو لـەو بنـەما سـەرەکیانەی کـە فەلسـەفەکەی لەسـەر وەسـتابوو، لای مـارکس مـاددە، نەسـەرەتای هەیـە نـەکۆتایی، بـەڵکو بـەردەوام لەجوڵـەو بزوتنـدا بـوو، مـارکس لـەبری ئـەوەی دیالێکتیـک لەهیگڵـدا وەک خـۆی وەربگرێـت، هەوڵیـدا گۆڕانکـاری تێـدا بکـات، وپرانسـیپی تـازەی بـۆ دابنێـت، ئـەو پرانسـیپە نوێیـەش بریتیبـوو لـە مـاددە کـە مـارکس لـە مارتریـالیزمی دیالێکتیکیـدا بـەخاڵی دەسـتپێکی دەدایـە قەڵـەم، هـەروەها کۆمەڵگـە و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانی بەکایـەی کـارکردنی دیالێکتیـک دەزانی، بەم جۆرە مارکس دیالێکتیکی خستەوە سەرپێ کە هیگڵ لەسەر سەر ڕایگرتبوو.

هەروەها مارکسیش لەبارەی ئابووریەوە سەرەتا ڕەخنەی لە سیستەمی ئابووری کلاسیکی کۆن کە چینی بورجوازی نوێنەرایەتیان دەکرد و ڕەخنەیان لێ دەگرێت پێیان وابوو ئابووری زیاتر بەرژەوەندی تاکی لەبەرچاو گرتووە،لەبەرژەوەندی گشتی،کە ئەمە زیاتر لەخزمەتی سیتەمی سەرمایەداریە بۆیە مارکس پێوایە بەتایبەت لە کتێبی (سەرمایە ) کە ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئابووری زیانێکی زۆر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ وە کۆمەڵگا تووشی چینایەتی دەکات، ئابووری مارکس لەوەدا کۆکراوەتەوە کەلەڕابردوودا چینی سەرمایەداری چیی کرێکارانیان وەکو کەرەستە بەکارهێناوە کەلەم حاڵەدا دەبیتە هۆی زیادبوونی هەژاری لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگادا بۆیە دەکرێ لە ئەنجامدا ببێتە هۆی ڕوودانی شۆڕشێکی گەورە. مارکس پێیوایە بەپشت بەستن

ماتریالیزمی مێژوویی لەبەرچاوگرتنی زانستی تازەو واقعی وەشیکردنەوە و لێکدانەوەی دەوری کۆمەلگا دەکرێ تیۆرێکی ئابووری بخرێتەڕوو کە لەقازانجی چینی کرێکاران بێت، بۆیە بەم شێوەیە پێشکەوتوو ترین سیستەمی ئابووری لەکۆمەڵگای سۆشیالیستی دێتە ئاراوە کەجێگرەوەی سیستەمی سەرمایەداریە، سیستەمی سۆشیالیستی ئابووری باشترین سیستەمە بۆ نەهێشتنی هەژاری بەرژەوەندی تایبەت (نژاد ، 1376 : 28 ).

## بەشی چوارەم /

### ئابووری لە فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

### تەوەری یەکەم

**یەکەم: کارو کرێکار**

**دووەم: بەرهەمهێنان**

### تەوەری دووەم/ هزری ئابووری و سیاسی لای کارڵ مارکس

**یەکەم: ئابووری سیاسی**

**دووەم/ ئابووری وەک بنەمای ململانێی چینایەتی**

## بەشی چوارەم / ئابووری لە فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

### یەکەم/ کارو کرێکار

سەرەتا بۆ ناساندنی ئەم دوو چەمکە پێناسەیەکی تەواو بکەین تا بابەتەکەمان بە ئاڕاستەیەکی تر نەڕوات.

١- کار: وەک بەرهەمهێنەری بەهای بەکارهێنان سودبەخشن، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەرفۆڕمێک لە فۆرمەکانی کۆمەڵگە، مەرجی ژیانی مرۆڤە و پێداویستیەکی سروشتی هەتا هەتاییە بۆ مادده گۆڕینەوە لە نێوان مرۆڤ و سروشت دا، واتا پەیووەندی درووستکەری ژیانی مرۆڤایەتییە( مارکس ، 2006 : 20 ).

٢- کرێکار: ئەو کەسەیە کار دەکا تا بژی، ئەو کار وەکو بەشێک لە ژیانی سەیرناکات و زۆرتر لە قوربانیەکانی نێو گۆرەپانی ژیان دەچێ، کارەکەش کالایەکەیە کە دەیدا بە یەکێکی دیکە هەر بۆیە ئەو شتەی کە بەرهەمی دێنی نابێ بە ئامانجی هەڵسورانی، ئەوەی کە کرێکار بۆ خۆی بەرهەمی دێنێ، بریتی نیە لەو ئاوریشمەی کە دەیچنێ، یان لەو ئالتونەی کە لە کانەکان دەری دێنێ، یان لەو کۆشکەی دروستی دەکا، بەڵکو بریتیە لە حەقدەستەکەی، ئاوریشم و ئالتون و کۆشک بۆ ئەو دەبن بە ڕادەیەکی دیاری کراو لە پێویستیەکانی ژیان، بۆ وێنە ڕەنگە ببن بە جل وبەرگ سکەییەکی مس یان کۆخێک کرێکارێک کە دوانزە سەعات دەچنی دەتاشێ دەیانگوازێتەوە، ئایا تەواوی ئەم کارانە وەک بەشێک لە ژیانی سەیر دەکا؟ بێگومان نەخێر، بەپێچەوانەوە ژیانی ئەو لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ئەم بەشە لە ژیانی کۆتایی پێ دێت، ژیانی ئەو بریتیە لەو

کاتەی کە دەچێتە سەر مێزی خواردن وخواردنەوە، یان ئەو کاتەی کە دەچێتە نێو جێگاکەی( مارکس ، 1999 : 35 ).

ئایا کرێ بەری کارە؟ نەخێر کرێ هێزی کارە، نەک نرخی کار بۆ خۆی ئەوەی ئێمە ئێستا باسی لێدەکەین جەنگێکی ئاخافتنی نیە، بەڵکو هزرۆکەیەکی گرنگە پێویستە بەباشی و بەقوڵی لێی تێبگەین، بۆ ئەوەی دوربین لە کەوتنە ناو هەڵەی زۆر گەورە، ئێمە وا تێدەگەین کە دەڵێن کرێ بەری کارە، کە کرێکار بەرامبەر هەر کارێک دەیکات کرێی دەدرێتێ، ئەوەشمان بینی کە دەبێت لە ناو کاری ڕۆژانەدا کاری پێویستی کە کرێکار تێدا بەهایەک بەرهەم دێنێت کە هاوجووتە لەگەڵ هێزی کارەکەیدا جیابکەینەوە لە کاری سەربار کە کرێکار تێدا زێدە بایی بەرهەم دێنێت کە موڵکی خۆیەتی بە واتایەکی تر کرێکار لەبری ئەم کارە سەربارەی هیچ وەرناگرێت، ئەمەش وەک کارێکی بەلاشی بێ کرێبە( پایی ، 2013 : 135 ).

کرێکاران کاڵای خۆیان واتە هێزی کار لەگەڵ کاڵای سەرمایەدار واتە پارە، دەگۆرنەوە ئەم گۆرینەوەیە بە گوێرەی پەیوەندیەکی دیاری کراو بە ئەنجام دەگات، پاریەکی دیاریکراو لە بەرامبەر کاتێکی دیاریکراوی کەڵک وەرگرتن لە هێزی کار، بۆ نموونە دوو مارک بۆ دووازدە سەعات کاری چنین، بەڵام ئەو دوو مارکە ناسێنەری هەموو ئەو کاڵایانە نییە کە دەکرێ پێی بکرِدرێ، هەر بۆیە لە راستیدا کرێکار کاڵایەکی "هێزی کار" لەگەڵ کاڵاکانی دیکە بەگوێرەی پەیوەندیەکی دیاریکراو گۆریویەتیەوە.

بەڵام هەندی جار سەرمایەدار دەیەوێت ئاستی نزمی نرخی هێزی کار بەرزبکاتەوە بێ ئەوەی گوێ بە بەها ڕاستیەکەی بدات، ئەو هەموو کاتێک بەڵگەی نایاب دەهێنێتەوە کە ئەم ویستەی خۆی پێبسەلمێنێت، لەم ویستەشدا پەلامارەکانی ڕۆژنامەکان پشتگیری سەرمایەداران دەکەن، لەبەر ئەوە

کرێکار هەموو کاتێک خۆی لە ژێر فشار و هەرەشەدا دەبینێت کە کرێیەک وەربگرێت لە ژێر بەهای هێزی کارەکەیەوە بێت ( پایی ، 2013 ، 178 ).

لێرەدا بە دیدی مارکس کرێکار تەنها ئەو کاتە هەست بە هێمنی و ئارامی دەکات کە کار ناکات و ئەو کاتەی کە کار دەکات هەست بە هێمنی و ئارامی ئاکات، بەم چەشنە نامۆبوون پرۆسەیەکی چەند لایەنەیە: کرێکار لە سروشت لە دەسکەوتی کارەکەی کە بڕێکی کەمی پارەکەی بۆخۆیەتی و لە خودی پرۆسەی کار و لە لاشەکەشی جیا دەکاتەوە، هەروەها لەو چالاکیە ژیانیە بە کۆمەلەکەشی جیا دەکاتەوە کە ئەو بە ڕاستی بە شێوەی بوونەوەرێکی مرۆیی دەردەخات .

شیکردنەوەیەکی مارکس جیاوازیەک و تایبەتمەندیەکی ئاشکرای هەیە، ئەویش ئەو ڕاستیانە دەردەخات کە بەلای کرێکارانەوە گرنگە لەپێش هەموو شتێکەوە، ئەو دەیسەلمێنێت کە کرێکار دروستکاری هەموو بەها زێدەبایەکانە، کە دەبێتە دەستکەوت بۆ بەکارهێنانی هێزە کۆمەڵایەتیە بێبەرهەمەکان، لە کاتێکدا کرێکار لە باشترین بارو دۆخدا ناوێرێت داوای مافی خۆی بکات لەو بەهایەی بەرهەمی ئەوانن زێدەبایەکان بەرهەمدێنن( جۆرج ، 2021 : 129 ).

**دووەم: بەرهەمەکان (الانتاج) :**

لە سەرەتاوە بەرهەمهێنان چپلاکیەکی هاوبەشی خەلک بوو، ئەو خەلکە بۆئەوەی شت بەرهەمبێنن پەیوەندی تایبەتیان لە نێواندا پێکدەهات و تەنیا لەو ڕێگەیەوە بەرهەمهێنان جێبەجێ دەبوو، ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان خەڵکیدا لە کاتی پرۆسەیی بەرهەمهێنانی خێروبیری مادیدا پەیدا دەبن پێیان دەوترێ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان.

مێژوو و کۆمەلگا خاوەن بنەمای مەتریالین و ئەنجامی وزەی بەرهەمهێنەر، بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان. وزەی بەرهەمهێنان بریتیە لە چێوگە سروشتیەکانی وەک ئاو، با، نەوت، هێزی مرۆڤ و زانیاری و ئەزموونەکانی، هەروەها ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (وەک تەکنۆلۆژی وکەرەستەکان).لەگەڵ بەکارهێنانی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندیەکانی

بەرهەمهێنان، بارودۆخی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا، پەیووەندی نێوان خاوەندار و کرێکاران، مووچەخۆرو کاربەدەست، بەگشتی دۆخی چینایەتی گۆڕانی بەسەردادێت( ستیگن ، 2009 : 90 ).

هەورەها گۆڕان زادەی ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانە، بەو هەلومەرجە بابەتیە دراوانەی ترەوە، لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەلایەتی باودا. کاتێک شێوازی بەرهەمهێنان یاخود ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە کۆسپ- زیاتر لەوەی ببێتە پارسەنگێک، لەبەردەم گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، کۆمەڵگا لەو کاتەدا جا ئەگەر توشی داڕووخانیش نەبێت یەکێک لەو شێوازانەی بەرهەمهێنان هەڵدەبژێریت کە لەگەڵ ئاراستەی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرە نوێکانیدا دەگونجێنێت و پێشیدەخات.

بە ئاسانی دەتوانین ململانی چینایەتی کە لە دەقی نوسراوی ئاماژەپێدراودا تیشکی نەخراوتە سەر، بیخەینە نێو ئەم دژیەکیەی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیووەندی بەرهەمهێنانەوە، پێویستە تەنها سەرەنج بدەینە ئەوەی کە لە قۆناغی شۆرشگێری، واتە لە قۆناغی دژبەری هێزەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ پەیوەندی بەرهەمهێناندا، چینێک کە هەنووکە بۆتە لەمپەر لەبەردەم پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، جێگیر دەبێت و لەبەرامبەردا چینێکی دیکەی پێشکەوتوو و هێلکاری پەیووەندییەکی نوێ بەرهەمێنانە کە لە جیاتی کۆسپ خستنە بەردەم پەرەسندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، زۆرتر بوونی ئەم هێزانە تا ڕادەی پێویست ئاسانتر ئەکات ئەم چینەی بۆتە لەمپەر ئەوە چینی بۆرژوایە بەلام لەبەرامبەر ئەواندا چینی کرێکارەکان پەیدابوون ( فرۆم ، 2005 : 49 ).

مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ناوەڕۆکیدا بریتیە لە ململانێ بەردەوام لە نێوان دوو چینی کۆمەڵگادا، ئەو چینەی کە سامانی لە ژێر دەستدایە و لە بەرامبەردا ئەو چینەی کە سامانی لە ژێر دەستدا نیە، ئەو چینەی کە سامانی لە ژێر دەستدایە ناوی ناون چینی سەرمایەدار وە ئەو چینەی کە سامانی لەژێر دەستدا نیە لە جەماوەری کرێکاران پێکدێن کە ناوی ناون چینی پرۆلیتاریا، ئەوانە ناچپرن کە هێزو وزەی خۆیان بەنرخێکی هەرزان بە چینی سەرمایەدار بفرۆشن.

مارکس باسی جۆرێک لە نامۆ بوون دەکات وەک نامۆبوونی سیاسی و کەلتوری و ئاینی وە هەروەها نامۆ بوونی بەرهەمهێنەر لە بەرهەمەکەی خۆی، کەواتە بەرهەم پێش ئەوەی بەرجەستەبێت لە مرۆڤی بەرهەمهێنەردا و ئامانجەکانی بهێنێتەدی، دەبێت بەشتێکی نامۆ لیێ، بەڵکو دەبێت بە هێزێکی دەرەکی و تاقەتپڕوکێن و بەستنەوەی و شێواندنی و بێزارکردنی. ئەمەش بە حوکمی سروشتی کاری کۆمەڵایەتیەوە نەهاتووە، بەڵکو لە سروشتی مێژوو سەرمایەداری و ستراکچەرە چینایەتیەکەیەوە هاتووە. ئەمەش جیاکردنەوەی نێوان کرێکار و ئامراز و بارودۆخی بەرهەمهێنانە. لە دواجاریشدا ئەوەی دەرهاتەی پەیووەندی موڵکایەتی و بەرهەمە، بەجۆرێکی تر بڵێن دەرهاتەی پەیووەندی نێوان بەرهەم و بارودۆخەکەی و بەرهەمهێنەرە (کرێکار)، لەبەر ئەوەی چینی موڵکداری ئامرازەکانی بەرهەم (بورجوازیەت) دەبێت بەخاوەن ئەو بەرهەمەی کە کرێکار بەرهەمی دێنێت ئەویش بەهۆکاری دەستبەسەراگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بارودۆخەکەی( ئارۆن ، 2011 : 297) .

## تەوەری دووەم:  هزری ئابوری سیاسی لای مارکس

سەبارەت بەهزری مارکس پێویستە خاڵیک بیرخۆمان بێنینەوە، ئەو خاڵەش ئەویە کە  مارکس و ئەنگلس پەیووەندیەکی هزری و ئەدەبی نزیکیان پێکەوە هەبووە و زۆربەی ئەو شتانەی کە بە هی مارکس ناسراون، بیگومان کاریگەری "ئەنگڵس"یشان بەسەرەوە دیارە، گشت دانراوەکانی مارکس و ڕێنمایی و تێزەکانی کاریگەر بوون بە سروشتی ئەو ڕووداوە کتوپرانەی تیاندا ژیاوە، هزر و فەلسەفە باوەکانی ئەڵمانیای هەمەچەشن کردوون، ئەو ئەڵمانیایەی کە مارکس تێدا پێگەیشتووە و باڵایکردوە و فێربووە، هەروەها کاریگەر بووە بە نووسینەکانی هزرڤانانی بەریتانیا دەربارەی ئابوری سیاسی و ئەو وتار و فکر و مومارەسانەی کە شۆرشی فەرەنسی پشتی پێبەستبوون. ( پۆلادی ، 2007 : 192 ).

مارکس لە نووسینە زانستیەکانی دا کاریگەر بوو بە فەلسەفەی ئەلمانی بەتایبەتی فەلسەفەی فیختە و هێگل، لە فیختەوە ئەو هزرە ئایدیاییانە فێربوو کە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد پێویستە تا لە پێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵ قوربانی بە خۆی بدات، هەروەها رۆحی گشتی زاڵ بێت بەسەر

ڕۆحی تاکەکسیدا، تاکەکەس لە بەرامبەر خواست و فەلسەفە و زمان و ئاین و بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵدا خۆی بەدەستەوە بدات و ببێتە خزمەتکاریان، لێرەدا هێگل دەڵێ: مێژوو پرۆسەی ئەفراندنی خود بۆ مرۆڤ، مارکس مەزهەبی دیالیکتیکی لە هێگڵەوە وەرگرتووە( ئەلحەسەن ، 2005 : 17 ) .

مارکس پێی وابوو کە ئەرکی فەلسەفە و مەبەستەکەی بریتی نییە لە لێکدانەوەی بوون، بەڵکو ئەرکی تێگەیشتنی مێژوو و گەیشتنە بە یاسا هەڵسورێنەرەکانی ڕێرەو پەرەسەندنی مێژوو، تا بۆ مرۆڤ گۆڕان و باشکردنی ڕەوشی خۆی دەرەخسێ، لەم واتایەدا خەمی فەلسەفە هەتا ئێستا بایەخدان بووە بە لێکدانەوەی جیهان بە ڕێگاگەلی جیاواز، لە کاتێکدا گرنگ ئەویە کە کار بکەین بۆ گۆرینی، فەلسەفە لە دیدی مارکسەوە لە جێی چەکێکی هزری بوو کە چینی کرێکار و ڕەنجدەر بە کاریدێنێت لەپێناو گەراندنەوەی مافی خۆی و دەربازبوون لە ستەم، دووبارە ریزبەندی و ڕێکخستنی هەموو ڕواڵەتەکانی ژیانی ئابوری سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد، بۆ گۆرینی جیهان.

هەورەها یەکێک لە گرنگترین ڕەوتی هزری و فەلسەفیەکانی مارکس جەخت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، هزرەکانی لەمەڕ ئەو هزرانەی کە دژایەتی مارکس و هزری چینایەتیان دەکرد، بەمەش ناپچر بوو بە خاتری ئەوەی وەڵامیان بداتەوە لە نامەکانیدا شتەکانی شرۆڤە دەکرد، چونکە نوسین و هزرەکانیشی لە ڕۆژنامەکاندا قەدەغەکرابوون، مارکس کۆمەلێک باسی گرنگ دەوروژێنێت، لەوانەش روونیکردۆتەوە کە بۆچی ڕەخنەی لە (پرۆدۆن و سانسیمۆن و فوریە و باکونین و سۆفستایەکان و تۆباویەکان و لاسال) ی دەسەڵات گرتووە لە وەختی خۆیدا، یاخود بۆچی کیشەی لەگەڵ حکومەت و هزرڤانەکانی ئەو کات هەبووە، یان بۆچی وولاتی خۆی لە ئەلمانیا نەبووە، هەروەها بۆچی کێشەی هزری بۆتە جۆرێک لە ناوزڕاندنی قەدەغەکردنی دەستنووس و کتێب و تەنانەت نامەکانیشی، چونکە هەم ڕەخنەی لە سیستمی حوکمڕانی گرتووە و هەم دژایەتی ئەو کەسانەی کردووە کە فەلسەفە چەواشە دەکەن. هەم ئەو کەسانەی کە ئایدیالیزم

و ماتریالیزم پێکەوە گرێدەدەن، هەم دژایەتی ئەو سۆسیالیزمەیان دەکرد کە مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد( ئەلحەسەن ، 2005 : 15- 19 ).

**یەکەم/ ئابوری سیاسی :**

مـارکس لێکدانەوەیـەکی نـوێی بـۆ ئـابوری سیاسی خسـتەڕوو کە بە راکێشـانی هەنـدێک لە دەسـتەکەوتەکانی ئـابوری سیاسـی کلاسـیک و رەخنـەگرتن لە هەنـدێک لە پێشـمەرجەکانی ئـەو پێکهات، مارکس ئەو ڕوانگەی ئابوری کلاسیکی قبول بوو، کە دەروون شیکاری کۆمەلگای مەدەنی دەبێ لە ئـابوری سیاسـیەوە دەسـت پـێ بکرێـت، مـارکس کارەکـەی بە ڕەخنـە گـرتن لە ئـابوری سیاسی کلاسیک لەو خالەوە دەستی پێکرد ئەو ئابوری ناسانە پەیوەندیە کۆمـەلایـەتیە باوەکـانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە کارێکی مێژووی پێویستە، وەکو کارێکی سروشتی و زاتی، کارێکی گشتی وهەتا هەتایی، وێنایان کردوە مارکس وتی لە پشت ئەبستراکتەکان و چەمکە سـەرەکیەکانی ئابوری کلاسیکدا وەک زەوی، کار، باج، حەقدەست و قازانج گریمانی بوونی خاوەنداریەتی تایبەتی دانراوە کە بۆ خۆی بابـەتێکی مێژووییە و لە سـەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا سـەری هـەڵداوە ئابوری زانە کلاسیکەکان بێ ئەوەی بیر بکەنەوە ئەم بابەتەیان بە گرنگ زانیوە ( پۆلادی ، 2007 : 207 – 208 ) .

مارکس ئاگایانە ئاوڕ لە تیۆری و چەمکە سەنتراڵیستەکانی ئابوری سیاسی دەداتـەوە، بەر لە هەمووشیان، ئەو گریمانـەی دەڵێ کـار بـەهای گۆڕینـەوە دروسـت دەکات، بەهایی گۆڕینـەوە ئـەو نرخەیە شتومەک لە گۆڕینەوەدا لەگەڵ شتومەکی دیکەدا هەیەتی، لە سیستەمی ئابوری هەڵکشـاودا بەهایی گۆڕینەوە بە هـۆی دەسـتاوێژیکی تایبـەتی کە پارەیە، پارەکـاری لە ئـابوری سـەرمایەداریدا

ئەوجا تەواو سەر لەبەردەبێت، پارە بە شتومەک دەگۆردرێتەوە، شتومەک بەو ناساندنە دەبێتە بابەتێکی خاوەن بەهای گۆرینەوە.

مارکس باس لە سیستەمی سەرمایەداری دەکات کە کرۆکی سەرەکی توێژینەوەکەی چەمکی سەرمایەگوزاری بوو، بە لای مارکسەوە کار تەنها هۆکاری بەرهەمهێن و سەرچاوەی بەها کارە، سەرمایەش لە واقعی کاردا مردووە، هەروەها بەهای هێزی کار، خۆی بە پێی ڕێژەی کار دەپێوری بە واتایەکی تر بەهای هێزیی کار دەستنیشان دەکرێت، مارکس بەو بەڵگەیەی کە بەهای کار و بەهای کالا پەیڕەوی لە یەک بنەما دەکەن، دەربڕینێکی نوێ لە داهاتەکانی سەرمایەداری هێنایە کایەوە، بەڕای مارکس دوو جۆر سەرمایە لە کاردا بەکاردەهێنرێ، یەکێکیان سەرمایەی گۆرا و و ئەوی تریشیان سەرمایەی نەگۆر یاخود ئامرازو کەرستە خاوەکان.

هەوەها مارکس بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەبارەی ئابوری سیاسی کاری کردووە، خاڵی دەستپێکی مارکس لە گەڵاڵەکردنی تیۆری ئابوری خۆی تیۆرەکانی دیڤد ریکاردۆ بوو، بەڵام لە هەندێ خاڵی بنەمایی دا ناکۆکی لەگەڵ هەبوو، بۆ نموونە دەتوانین کتێبی سەرمایە لەبەرچاو بگرین، سەرمایە بە پێی ناوی لاوەکی خۆی ڕەخنەیە کە لە ئابوری سیاسی، ڕوون و ئاشکرایە کە ووشە ئابوریەکان لەم کتێبەدا گرنگی زۆرتری لە ووشە فەلسەفیی و سۆشیالیستیەکان هەیە ( بەشیریە ، 2005 : 111 ).

## دووەم/ ئابوری وەک زەمینەی ململانی چینایەتی:

ململانێ چینایەتی لە نێوان خێڵەکاندا کاتێک دەردەکەوێت کە بارودۆخی گوزەران و ئابوری لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر و لە گرووپێک بۆ گرووپێکی تر جیاواز بێت، وەک ئەو ململانێیانەی کە لە ناو خێڵەکانی یۆنان و رۆمانیادا دەرکەوتن بە تایبەت لە نێوان چینی ئەرۆستۆکراتەکان (چینی ئازادەکان) و چینی کۆیلەکاندا، دوای ئەوەی کۆمەڵگای کۆن ڕووخا کە لە سەر پرەنسیپی ململانێ تاکەکانی خێڵ دامەزرابوو، تاکو رادەی ململانێکە کەم بکاتەوە و کۆتایی پێبهێنێت، دەوڵەت توانی دەسەلاتێک پێکبهێنێت کە توانای جێبەجی کردنی هەبێت و بتوانێ لە سەروو بەرژەوەندیەکانی

هـەردوو چینـی ململانێکـەرەوە بوەسـتێ، وە ئـەم دەسـەلاتەش هێـزی پێویسـتی پێـدرا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم ماملانێیـە و چەسـپاندنی ئاشـتی و ئاسـایش و دڵنیـایی لە کۆمـەڵگـادا، لە سەرەتادا ئەم دەسـەڵاتـە دادپـەروەر و بە ویـژدان بـوو، لە ژێر کاریگـەریی هـیچ چینێـک دا نـەبوو، بەڵام زۆر بە خێرایی لە پرەنسیپەکانی دادپەروەری و یەکسانی لایدا و بووە پشـتگیر و لایـەنگری چینی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

ئەنـدامانی هـەردوو چینـی فیـۆدالیزم و سـەرمایەداری بە تـەنها خـاوەنی هێـزە ئـابوری و کۆمەلایەتیـەکان نـین، بـەڵکو خـاوەنی دەسـەلاتێکی یاسـایی سیاسیشـن، ئـەم هێـزەش لە کۆمـەڵگە فیۆدالەکاندا لە دژی چینی جووتیاران و لە کۆمـەڵگەی سەرمایەداریشدا لە دژی چینی کرێکاراندا بـەکار دەهێنـرا، ئـەم شـێوە زۆرداریـەش کە چینی فـەرمانڕەوا مومارەسـەی دەکات بـەپێ گوتـەی مارکس دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاگایی چینایەتی لای ئەندامانی چینی فـەرمان بەسـەر داکراو، ئەم ئاگایی چینایەتیەش یارمەتیان دەدات بۆ هێنانـەدی یـەکێتی و یـەکگرتنی چینایـەتی، دوای هـاتنە دی یەکێتی چینایەتی، چینی فەرمان بەسەرداکراو جاڕی یاخیبون و شـۆرش دەدەن لە دژی چینی فـەرمانڕەوا، ئـەم یـاخیبونەش زۆرجـار دەبێـتە هـۆی ڕووخـانی فیـۆدالیزم و سـەرمایەداری و سـەرهەڵـدانی کۆمـەڵگایـەکی نـوێ کە پشـت بە پرەنسـیپەکانی دادپەروەری و ئـازادی دەبەسـتێت( ئەلمەلاح ، 1988 : 357 -358 ) .

مـارکس بایـەخی بە ململانێ و ڕێکـەوتن دا و ململانـێ بە حەقیقـەنێک دانـا لە نێـوان چینـەکانی کۆمەڵگای مرۆییدا و بڕوای وابوو کە دەربازبون لێی ئەستەمە تەنها بە هێنانەدێ کۆمەڵگایەکی بێ چین نـەبێ، "کۆمەلگـەی کۆمۆنیسـتی" هـەروەها بـاس لەوە دەکـات کە ململانـێ چینایـەتی لە سـەر( سەلاحی : 2008، لا34 ).جەم ئەم قۆناغە مێژوویانەدا بوونی هەبووە کە کۆمەلگایی مرۆیی پیاندا تێپـەریووە، هـەر لە قۆنـاغی بەراییـەوە تـاکو قۆنـاغی شۆرشـی پرۆلیتاریـا وە ڕێکـەوتن و گونجـان یەکتر تەواو کردن تەنها دوای زاڵبوون بەسـەر چینە کۆمەڵایەتییـەکان و مـاملانێ چینایەتیدا نـەبێت

نایەتە دی ئەو کاتەش کۆمەڵگا بێ چینایەتی بە خۆیەوە دەبینێ کە لە قۆناغی بەشداری پێکردن دەردەچێ و پێ دەنێتە قۆناغی کۆمۆنستییەوە

هەروەها سیستەمی ئابوری لە دەرەبەگیدا لەسەر کشتوکاڵ بەندە لەم قۆناغەدا سیستەمی دەرەبەگی لە کاکڵەی چەوساندنەوە دایە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ کۆیلایەتی، لەبەرئەوەی دەرەبەگەکان دەست دەگرن بەسەر بەرهەمی ئەوانەی کار دەکەن لەسەر زەوی و زارەکانیان، چوارەم- کۆمۆنەی سەرمایەداری: لەم قۆناغەدا شۆرشێک دەستی پێکرد کە چینی بۆرژوا ڕابەرایەتی دەکرد، دژی دەربەگەکان بۆ دانانی ئەو سیستەمانەی ئازادی بۆ چالاکی ئابوری دەستەبەر دەکات لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵ، بەڵام پرۆلیتاریا و هەژارەکان نە پارەیان هەیە و نەماوەی ئەوەی چێژ لە مافەکانیان وەربگرن، بەمجۆرە کرێکارەکان لەسێبەری سەرمایەدارەکان خۆیان وەک مرۆڤی چەوساوە بینیەوە، پێنجەم- کۆمۆنەی کۆمۆنیسیتی: ڕێگا بەرەو کۆمۆنیستی وەکو مارکسیەت دەیخاتە روو، بە شۆرشێکی ئیشتراکی تێدەپەری کە چینی کرێکاران فەرماندەیی دەکەن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری، چینی کرێکار پەنا دەباتە بەر دامەزراندنی دەسەلاتی دیکتاتۆر بۆ دامەزراندنی کۆمۆنەی کۆمۆنیستی، ئەمانە ئەو قۆناغانە بوون کە مارکس باسیان دەکات بۆ دروستبوونی کۆمەڵگای سۆشیالیستی( ئەلمەلاح ، 1988 : 362 ).

سەرهەڵدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی سیاسی، لەوانەیە کاربکاتە سەر ڕادەی بەستراوەیی دەوڵەت بەچینی سەرمایەداریەوە، لە کۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکاندا کاریگەری چینی کرێکار لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەم دا ئاشکرابوو، زیاد بوونی ڕۆڵی سیاسی چینی کرێکار، بووە هۆی دەرئەنجامی مافی چینەکانی خوارو، وە لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێن دابینکردنی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بۆ خەڵک یەکسان دەکات، سۆشیالیزم گوردانێکی کەڵەکە کردووی سروشتیە بۆ دابینکردنی مافە سیاسیەکان کە یەکسانە بە دیموکراتی( بەشیریە ، 2005 : 205 ).

ئەم قۆناغە مێژووییەی حوکمرانی چینی پرۆلیتاریا تێدا دەبێتە حوکمران، قۆناغێکە تێکۆشانی چیتایەتی تێدا دەگاتە ئەوپەری، لە دوایشدا هەر بەردەوام دەبێت دژی پشماوەی چینەکانی پێشوو هەروەها دژی هەوڵی بۆرژوا بۆ گێرانەوەی سەرمایەداری هەتا ماوەیەکی درێژ لە دامەزاندنی سۆشیالیستی وسەرکەوتن و لەناوبردنی سەرمایەداری لە زۆربەی بەشەکانی گۆی زەویدا،لە کۆتایشدا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمنیستی دەبێ قۆناغێکی نێوەندی لە نێوان سیستەمی

سـەرمایەداری و کۆمنیسـتی دا تێپـەربکرێت، ئـەم قۆنـاغە بە قۆنـاغی سۆشـیالیزم ناودەبرێـت، سۆشـیالیزم بە وەلاوەنـانی کۆمـەڵگـەی سـەرمایەداری لە شۆڕێشـێکدا بە ڕابەرایـەتی پرۆلیتاریـا سەقامگیر دەبێت، پرۆلیتاریا پاش روخانی حکومەتی سەرمایەدارەکان حکومـەتی جینایـەتی خۆیـان وەک حکومـەتی وریـا دادەمـەزرێنن، ئـەم حکومەتـە بـە دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا نـاو دەبـەن، لەمـەڕ ووشـەی دیکتاتۆریـا نـابێ توشـی بـاری هـەڵە بـین، مەبەسـتی مـارکس لە دیکتاتۆریـا ئەوەیـە کە حکومەت لە قۆناغ و بارێکدا بە هـەر شێوەیەک بە دەستی پرۆلیتاریاوەیە و مـارکس هـەر چەشنە حکومەتێکی چینایەتی بە چەشنێک بە دیکناتۆریا لە ئەژمار دەدات( گـەرمیانی ، 2010 : 63 – 64 ).

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەویەمان کە لە ژێرناونیشانی (بنەمای ئابوری لە فەلسەفەی کارل مارکس) گەیشتین بەم ئەنجامانە کە لەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو.

١- فەلسەفەی مارکس فەلسـەفەیـەکی شـرۆڤەی ماتریالیسـتیبە، کە سـودی لە دیـالیکتیکی (هێگل) وەرگرتوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو لایەنی ئایدیالیستی گۆری بۆ لایەنی ماتریالیستی مارکس ماتەر بە جەوهەری جیهان دەزانێت، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی (هێگل) ە کە پێی وایە رۆح "هۆش" جەوهەری جیهانە.

٢- مارکس بۆ ماوەی چەندین سال کاری لە ئابوری سیاسـی دا کردووە کە تیۆرەکانی خۆی لە تیۆرەکانی "دیڤدریکاردۆ"وە وەرگرتووە، یان سودی لێ وەرگرتووە مـارکس ئـابوری بە بنـەمای دروستبونی کۆمەڵگا دەزانی، کۆمەڵگا دەچووێنێ بە بینایەکی دوو نهۆمی کە نهۆمی یەکەم لایـەنە ئابورییەکەیەتی و نهۆمی دووەم لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئاینی و هتد ...

٣- مارکس کاتێک باس لە ماتریالیزمی مێژوو دەکات یان راڤەی مێژوو دەکات لەسەر بناغەیەک باسی دەکات ئەویش ماتەرە، کە پێی وایە هۆکاری بەرەو پێش چوونی مێژووی کۆمـەڵگا ماتـەرە

پێیوایە کار مەرجی ژیانی مرۆڤە بۆ بەدەسهێنانی ماتەری لە نێو سروشتدا واتا پەیووەندی درووستکەری ژیانی مرۆڤایەتییە.

٤- بۆ بەدەستهێنانی هەر بەرهەمێک مارکس دەڵێ: پێویستی بە پەیووەندی هەیە لەگەڵ کۆمەلگایەکانی تر ئەم پەیووندیەش ناو دەنی پەیووەندی بەرهەمهێنان، ئەگەر کۆمەڵگا خاوەنی بنەمای ماتریالیستی بن ئەوە ئەنجامی وزەی بەرهەمهێئەرە.

٥- لە درووست بوونی کۆمەڵگای سۆشیالیستی نابی تاک ملکەچی دەوڵەت و ئامێر بێت، بەڵکو ئامانجی سۆشیالیزم مرۆڤە وە بتوانی ئەو نامۆبوونەی مرۆڤ هەیەتی لە بەرهەمی کارەکەی ناهێڵێت واتا تاک خاوەنی مافی خۆی بێت.

٦- ئابوری بە دیدی مارکس بووە هۆی درووست بوونی ململانێ چینایەتی، لەبەر ئەوەی ماددە یەکەم هۆکارە بۆ دروستبونی کۆمەڵگا وە یەکەم هۆکاریش بوو بۆ درووست بوونی ململانێ چینەکان و تاکەکان بەهۆی کەمی و زیادی لە نێوان تاکەکان و چینەکان.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم / سەرچاوە کوردیەکان:

1- ئیڵ جۆرج(2021)مارکس و ئازادی،و:دانا شوانی،چ1،چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

2- ئانفین ستیگن(2009) فەلسەفە لەمێژوودا،و: فەرۆخ نیعمەت پوور، چ1،چاپخانەی پەخشی سەردەم،سلێمانی.

3- ئەریک فرۆم(2005) چەمکی مرۆڤ لای مارکس،و:ئارام جەمال سابیر،چاپخانەی چوارچرا.

4- ئەلمەلاح، هاشم یەحیا(2011) دەروازەیەک لەفەلسەفەی مێژوو، ودەوەن حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

5- ئیحسان محمد ئەلحەسەن(2005)سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس فیبەر، و:دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی سەردەم سلێمانی.

6- ئەریک لیدمان(2009)مێژووی فەلسەفەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە تا هابەرماس، و: عبداللە رەسولی،چ1،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

7- هێمن ئەمین شوانی(2021)ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چاپی پەکەم، چاپخانەی هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

8- حوسێن بەشیریە(2005) بنەماکانی زانستی سیاسەت(تیۆری پراکتیکی)و: ئەبوبکر رەشید محمد، چ1،چاپخانەی سەردەم، هەولێر.

9- حسین سۆران(2008) کارل مارکس و ئەفلاتوون لە تۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆرکردنی بەهای ئازادی،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

10-د.حسین خلیقی(1989)فەلسەفە و کۆمەڵ، کوردستان.

11-کارڵ مارکس، سەرمایە،و:کەژاڵ جمعە رشید، چاپخانەی، بیرو هۆشیاری، سلێمانی ،2006.

12-کارڵ مارکس(1999) کاری کرێ گرتەو سەرمایە،و: فەرۆخ نیعمەت پور، چاپخانەی بیری نوێ، سلێمانی.

13-کەمال پۆلادی(2007)مێژووی ئەندێشەی سیاسی،لەرۆژئاوادا،چ1،چاپخانەی هەولێر.
14- مەلەک یەحیا سەلاحی(2008)هزرە سیاسیەکانی رۆژئاوا لەسەدەی بیستەمدا،و: هیوا مەجید،چ1، چاپخانەی سەردەم ،هەولێر.
15-محمد، سمکۆ(2011) مارکس خۆی، گۆڤاری ئایدیا والا، دەزگای والآ، چاپخانە کارۆ،ژ.25، سلێمانی.
16-مارکس، ئەنگلس(2001) ئایدۆلۆژیای ئەلمانی،و: سەلام ناوخۆش،چ1.
17- محمد وەسمان(2013) ئینساکلۆپیدیای فەیلەسوفان،چاپخانەی رۆژهەلأت،هەولێر.
18- موریس کاڤین و جورج پولتزەر(2013) ماتریالیزمی دیالیکتیکی، و: عبدالمجید پەزکەندی، چاپخانەی کاکەی فەلاح،چ1،سلێمانی.
19- د.موسا ئیبراهیم(2007)فیکری سیاسی خۆرئاوا لەمیکاڤیلیەوە تا مارکس،و:شوان احمد،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.
20- نەهرۆ عەلی(2009) زانستی ئابووری،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
21- سمکۆ محمد(2011)نامە فەلسەفیەکانی مارکس،چاپخانەی ئازادی،هەولێر.
22- سعدون محمودساموک(2011)لەرێبازە هزرییە هاوچەرخەکان، و:نالی یوسف،چاپخانەی نارین، هەولێر.
23- ریمۆن ئارۆن(2012)قۆناغە بنەماییەکانی هزر لە کۆمەلناسیدا،چ1، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
24- شۆرش احمد گەرمیانی(2010) مارکس ژیان و کارەزانستیەکانی، چ1،چاپخانەی چوارچرا ، هەولێر.
25- تیری ئیگلتۆن(2015)بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو،و: پێشڕەو محمد،چاپخانەی دلێر،هەولێر.
26- ژانی پایی(2013)یاسا بنەڕەتیەکانی ئابووری سەرمایەداری، و:عبدالمجید پەزکەندی ،چ1،چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

**دووەم / سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1- أبو سليمان، عبدالوهاب إبراهيم (1996) منهج البحث في الفقة الاسلامي، ط1، دارابن حزم، بيروت، لبنان.

2-ماركس، كارل (1981) نقد للسياسة، ترجمةجوزيف عبداللة، ط1، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

3-ماركس، كارل و أنجلز، فريديك (1964) الإيديولوجية الألمانية، ترجمة، فؤاد أيوب، دار مشق للطباعة والنشر، دمشق، سوريا.

4- د.هاشم يحى الملاح ( 1988) دراسات فى فلسفة تاريخ، بغداد.

5- موسى غنى نژاد (1376) معرفت شناسى علم الاقتصاد،مؤسسه عال پژوهش در برنامەيزى و توسعه.

6- سعدون نصرالله (2007) مدخل الى علم التاريخ،ط الاولى، بيروت.

7- شادى مهند سليم (2013) العبد الاقتصادى الداخلى فى اندالاع الپورات العربية المعاصرة،رسالة ماجستير،جامعة كربلا.

**سێیەم/ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

1- www.kurdipedia.org 12/16/ 2021/ 152.